فەرماندەی گشتی هێزەچەکدارەکان جێختدەکاتەوە لە دابینکردنی تەکنەلۆژیای سەردەمیانە بۆ دەزگا ئەمنی وهەواگرییەکان



سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی جێختی لەسەر پێویستی دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان و تەکنەلۆژیای سەردەمیانە بۆ دەزگا هەواگرییەکان کردەوە.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند : سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محەمەد شیاع سودانی، ئێوارەی دوێنێ هەینی سەردانێکی بەبارەگای دەزگای هەواگری و لێکۆڵینەوەی فیدراڵی کرد و لەو ماوەیەدا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی دەزگای هەواگری ئەنجامدا، بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و بەرپرسی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و جەگری ئێپڕاسیۆنە هاوبەشەکان.

لە میانی دیدارەکەدا سەرۆك وەزیران جێختی لە گرنگی هەوڵە هەواگرییەکان و پێویستی سەقامگیرکردنی دەخی ئەمنی کردەوە، ئاماژەی بۆشکرد : ئەو هەوڵەی حکومەت لە پرسەی ئاوەدانکردنەوە و بیناسازیدا دابینی دەکات پێویستی بە هەوڵەکی ئەمنی هاوتەریب هەیە بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەست هاتوون و بەردەوامن لە دابینکردنی کۆشکی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی ئەو پلانانەی کە داڕێژراون.

ئاماژەی بۆشکردووە : ڕێنماییەکان بۆ بەردەوامبوون لە کارکردن لەسەر پڕۆژەکان بەدەرژایی ڕۆژەکە بەدی نایەت،تەنها بەبوونی ئاسایش نەبێت،چونکە لە ئاست ئاستەنگەکاندایە.

فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئاماژەی بۆدا کە کەسانێك هەن دەیانەوێت ئاستەنگ لە هەوڵی خزمەتگوزاری و ئێپەراسیۆنەکانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان دروست بکەن، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئێم هەوڵانە حکومەت لە بەردەوامبوون لە پلانی بیناسازی و ئاوەدانکردنەوە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان دوور ناخاتەوە.

سودانی جەختی لەوە کردەوە : دابینکردنی هەموو ئەو پێداویستی و تێکنەلەجیای سەردەمیانە کە دەزگا هەواگرییەکان بتوانن کارەکانیان بە شێوەیەکی پیشەیی ئەنجام بدەن، و بە شێوەیەك کە ئاسایش لە هەموو ناوچەکان بەرز بکاتەوە.